## گۆران عەبدوڵڵا:

# بڵاوکردنەوەی بابەتی سایتەکان و پرس نەکردن و هێمانەدان بە سەرچاوەی بابەتەکە، دەچێتە خانەی دزی رۆژنامەگەرییەوە، ئەو کارەش ئیفلاس بوونی ئەو رۆژنامەیە دەگەیەنێ

**لەدرێژەی گفتوگۆکانمان لەبارەی رۆژنامەی ئەلکترۆنی و بوونی ئەو رۆژنامەیە وەک پێویستیەک لە ئەمرۆی رۆژنامەگەری کوردیدا، ئەمجارەیان بۆچونی گۆران عەبدوڵڵا دامەزرێنەر و بەرپرسی ماڵپەری (دەنگەکان) وەردەگرین کە رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەیە، بۆیە سەرەتا لێمان پرسی:**

***ئایا رۆژنامەی ئەلکترۆنی دەتوانێت شوێن بە رۆژنامەی کاغەز لەق بکات؟**

– رۆژنامەی ئەلکترۆنی ئاکامی پیشکەوتنی تەکنۆلۆژیایە. داهێنان و سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا پێویستی بە چوونە سەرەوەی داهاتی کۆمەڵ و ئارامییەوە هەیە لە کۆمەڵگادا. ئەگەر بەشێکی ئەم دونیایە نوقمی خوێن و هەژاری کرابێ و مرۆڤەکان شەکەتی پەیداکردنی بژێوی رۆژانە بن و حەسرەتی رۆشن بوونەوەی گڵۆپێکیان هەبێ، ئەوا دونیای کۆمپوتەر تەنها ناوێک دەبێت و هیچی تر، بەڵام لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا کە دەخڵی تاک تیایدا بەرزە و ژیان تا رادەیەکی زۆر ئارامە، رۆژنامەی ئەلکترۆنی گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و نیگەرانییەکی زۆری بۆ رۆژنامەی گۆتەنبەرگ (لەسەرکاغەز) ناوەتەوە. وەک لە هەندێ لە ئامارەکان دەردەکەوێ کە رۆژنامەی لەسەر کاغەز پاشەکشەی بەرچاوی بینیوە لە رووی فرۆشتنەوە وەکو رۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمز بەرێژەی 5.4%، واشنتون پۆست 3.7%، سانفرانسیسکۆ کرۆنیکڵ بەرێژەی (15.6%) لە رۆژانی هەفتەدا، نیۆرک تایمز (60) لە رۆژنامەنووسەکانی بێکار کرد لەبەر هاتنەخوارەوەی داهاتی رۆژنامەکە، بە هەمان شێوە لۆس ئەنجلس تایمز 85 لە رۆژنامەنووسەکانی بێکار کرد. ئەمە رۆژنامەی گەورەکان، دەبێ رۆژنامە بچوکەکان لە چ حاڵێکدا بن.

*** تاچەند رۆژنامەی ئەلکترۆنی لە توانایدایە زمانی رەخنە و تەشهیر کردن بگۆڕێت بە زمانی رەخنە؟**

– مێژووی زمانی تەشهیرکردن لای ئێمە لە سەردەمی رۆژنامەی ئەلکترۆنییەوە دەست پێناکات. بەڵکو ئەم زمانە درێژکراوەی گۆڤار و رۆژنامەکانی سەردەمی بەعس و دوای راپەرینە، بەڵام ئەکرێ بڵێین لە هەندێ لە سایتەکاندا بە زمانێکی زەقتر دەردەکەوێ. گۆرینی ئەو زمانە پێویستی بە کۆمەڵێ قەڵەمی راستگۆ و جدی هەیە بۆ وەستانەوە لە پشت ئەو تەیارەی کە بەعەکسی توند و تیژییەوە کار دەکات.

*** هەندێک رۆژنامە پەنا دەبەنە بەر رۆژنامە ئەلکترۆنییەکان، تاچەند دیاردەیەکی سرووشتییە وەرگرتنی بابەتی نووسەران بەبێ پرسی نووسەر و بەبێ ناوهێنانی سەرچاوەکانیان؟**

– بڵاوبوونەوەی بابەتی باش لەسنورێکی فراواندا کارێکی خراپ نییە. بەڵام پرس نەکردن و هێمانەدان بە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەکەی بابەتەکە ئەوکارە دەچێتە خانەی دزی رۆژنامەگەرییەوە. ئەو شێوە کارەش ئاکامی ئیفلاس بوونی ئەو رۆژنامەیە دەگەیەنێ کە خەریکی ئەو کارانەیە.

*** گلەیەکی زۆر لە سایتەکان هەیە کە ناتوانن لە سوکایەتی کردن بە ئەوانیتر دەربازیان بێت، ئەو هۆکاری شەرە جنێوەی سایتەکان بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

– جارێ دەبێ رۆشن بێ سوکایەتیکردن یانی چی؟ ئەوانیتر! ئەو ئەوانە کێن ؟ دەسەڵاتە یان تاک؟ چونکە بەراستی دەسەڵات هەموو ئەو رەخنە بێ پەردە و بێ رتوشانەی کە ئازادانە لە دەسەڵات دەگیرێ سەبارەت بە گەندەڵی ئیداری و حیزبی و تەسککردنەوەی سنوری ئازادی و نەشیاوی کەسە حیزبییەکان لە پۆستە ئیدارییەکانی بەرێوەبردنی کۆمەڵگەداو ناعەدالەتی لە دابەشکردنی سامانی کۆمەڵدا بە سوکایەتی دەزانێ. لە راستیدا سوکایەتیکردن ئەو رستانەیە کە قووڵ دەبێتەوە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوت و کارە زۆر تایبەتییەکانی تاک، ئەو سوکایەتییانەی کە دەیەوێ کەسایەتی بەرانبەرەکەی کە بە چەک پێی ناکرێ بیکوژێ بە قەڵەم تێکی بشکێنێ. جا ئەوسوکایەتی کردنە لە رێی پێنوسەوە یان کوشتن لە رێی چەکەوە یان زیندانی کردنی فکر لە رێی زیندانەوە. سەرچاوەکەی لەو فەرهەنگە توند و تیژەوە دێ کە رۆژانە و بەردەوام لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆی تازە دەکاتەوە، هەر لە خەباتی شاخەوە تا گرتنی دەسەڵات هەر لە ناو ماڵێکەوە تا مینبەری مزگەوتەکان و ژووری رێکخستنەکانی حیزب و( داوی دارا دار)ی قوتابخانەکان بەشێکن لە راگرتن و بەرهەمێنانەوەی هەموو رۆژەی فەرهەنگی توندوتیژی، کە بەداخەوە ئەمرۆ هەندێک لە سایتەکان بوونەتە بەشێک لە درێژکردنەوەی ئەو فەرهەنگە.

بەرای من کێشە گەورەکە لەوەدایە کە نەوەیەکی نوێ تازە دەستی بە کۆمپیوتەر دەگات و بەجنێو و سووکایەتی مۆنیتەرەکەی رۆشن دەکاتەوە ئەو فەرهەنگی توند و تیژییە ئەوەندەی تر تۆختر دەبێتەوە لای. لەسەرێکی ترەوە بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە بێپێزو پرجنێوانە بیانوویەکی داوەتە دەستی دەسەڵات، ئەو واقیعە خراپەی هەندێ لە سایتەکان بقۆزێتەوەو چوار بەرابەر گەورەی کاتەوە. بۆ کەمرەنگکردنەوەی ئەو دەورونەخشە بەرچاوەی کە ئەمرۆ رۆژنامەگەری ئەلکترۆنی دەیبینێ لە رەخنەی بنیاتنەرانە بۆ واقیعی کوردی.



گۆڕینی ئەو زمانە پێویستی بە کۆمەڵێ قەڵەمی راستگۆ و جدی هەیە بۆ وەستانەوە لە پشت ئەو تەیارەی کە بەعەکسی توند و تیژییەوە کار دەکات

## ئەلیف شەفەق:

# دەمەوێ لە رۆمانەکانمدا سنووری نەتەوایەتی ببەزێنم

و: سەباح ئیسماعیل

**کچە رۆماننووسی ناوداری تورک (ئەلیف شەفەق)، لەدوای بڵاوبوونەوەی دوا رۆمانی خۆی (بیژییەکەی ئەستەنبوڵ) بەوە تاوانبار کرا، کە لە بایەخی رۆحی تورکی کەمدەکاتەوە. هەر بۆ ئەم مەبەستە لویس کرۆپ ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا سازداوە:**

*** پارێزەری راستڕەو و بەدناو (کەمال کرینشیچ) لە هەوڵێکی دۆڕاودا لە دادگایی کردنی (ئۆرهان پاموک) بە تۆمەتی کەمکردنەوەی رۆحی تورکی، سکاڵای دژی تۆ نووسیوە. تا چەند رۆشنبیرانی ئازادیخواز لە تورکیا، لە دژی رەوتی راستڕەو و فشاری نەتەوایەتی هاوپشت و هاودەنگن. ئەی چۆن پشتگیری لە یەکدی دەکەن؟**

– بەداخەوە، بەپێچەوانەی ناسیۆنالیستێن توندڕەو و رۆشنبیرێن لیبراڵ نازانن چۆن ریزەکانیان یەکبخەن. دەکرێ کۆمەڵگەی تورکی بە بوارێک بچوێنرێ، کە هێزە دژ بەیەک و ئەوانەشی پێکەوە دەژین تێیدا یەکبگرنەوە. رۆشنبیرانی لیبراڵ هەر بە فعلی هێزی خۆیان لەم بوارەدا پێکهێناوە. وەلێ هەندێک جار لە کارکردنیاندا لەگەڵ یەکتر سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، بەپێچەوانەوی دەوڵەت و بیرۆکراتییەکەی، راگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی لە چەند چینێک و چەندین نوێنەر پێکهاتوون. بۆیە، ناسیۆنالیستەکان زۆربەی زۆری کۆمەڵگەی تورکی پێکناهێنن. ژمارەیان کەمە، کەچی دەنگیان بەرزە و بەردەوام رای جیاوازیان هەیە .لەلایەکەوە، هەیە دەیەوێ تورکیا بچێتە پاڵ یەکێتیی ئەوروپا و دیموکراتیزمی تێدا بەرقەرار بێ و ببێتە کۆمەڵگەیەکی کراوە. ئەم رایانەن کە پشتگیری لە چاکسازی دەکەن و لە بارەی رەوشی ئێستاوە پرسیار دەوروژێنن. لەلایەکی دیشەوە، هەندێک دەیانەوێ تورکیا دەرگا لەسەر خۆی دابخا و دژ بەهەموو بیانییەک بێت، نەتەوە پەرست و کۆمەڵگەیەکی تەسک و داخراو بێت. چونکە کارەکان دژ بە پێچەوانەی رەوتەکە بەرێوە دەچن، ئەو هەراو دڵەڕاوکێیەی لەو گرووپەوە دەردەچن، توانای بیستنیان زیاتر دەکا و روونتریش دەبن.

*** وتبووت زمانی تورکی خەریکە دەبێتە مەیدانی جەنگ. ئایا وڵاتەکە خۆی لە ناوەندی (ململانێی رۆشنبیری)دا دەبینێتەوە؟ خۆئەگەر وایە، ئەی ئەو رۆڵە چییە، کە حکوومەتی ئیسلامی دەیگێڕێت؟**

– رۆشنبیری لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە لە تورکیا بەردی بناغە بوو. لەدوای بیستەکانەوە کێشەی رەگەز، بە تورک کردن و ناوەندێتیی رۆشنبیری لە پێشەوەی لیستی کاری سیاسی دەستە بژێری کەمالیستەکانەوە بوو. بۆ ئەوەی دەوڵەت دابمەزرێنن، گرووپە بەرچاوەکانی ریفۆرم دەستیان کرد بە پێکهێنانی زمان و رۆشنبیریی نوێ. بە تێپەڕبوونی کات زاراوە عوسمانییەکان لە شێوەی وەدەرنانی زاراوە سۆفییەکان نەمان و بەکار نەهێنران. لەلایەکی تریشەوە، حکوومەت و هێزە کۆنە پارێزەکانی کۆمەڵگە تێدەکۆشان بۆ شکۆدار کردنی رابردووی عوسمانییەکان لەسەر حسێبی بیرکردنەوەی رەخنەیی. هاوسەنگییەک لەنێوان هەردوو لایەنەکە هەبوو، کەمالیستە نوێکان جەختیان لەسەر دوارۆژ دەکردەوە و گوێیان بە رابردوو یا ئەنجامە مێژووییەکەی نەدەدا، هەرچی کۆنە پارێزەکان بوون، لەبەرامبەردا، لە هەوڵیاندا بۆ رێزگرتن لە هەر شتێک، کە لەلایەن ریفۆرمخوازەکانەوە رێزی لێ نەگیراوە، رابردوویان بەو شتە دانا، کە نابێ بخرێتە ژێر پرسیارەوە. بەڕای من هەردوولا کەمتەرخەم بوونە.

*** رۆمانەکانت بەپشت بەستن بە سامانێک لەسەرچاوەی ئەدەبی نووسراون، بە ئەنقەست زمانی عوسمانیت بەکار بردووە. دەکرێ بڵێین زمانی رۆشنبیریی عوسمانی بە بەراورد لەگەڵ زمانی رۆشنبیریی تورکی لەم رۆژەماندا هەمە ئەرک و دەوڵەمەندتر بووە؟ ئەی شۆڕشی کەمالیزم رێگەی بۆ هەمەڕەنگی زمان، کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هێنایە کایەوە، خۆشکردووە؟**

– زمان و رۆشنبیریی عوسمانی فرە زمان و فرە ئایین بوو، رۆژگارێک بوو ئیمپراتۆریایەکی فرە نەتەوەمان هەبوو، بەربڵاو و زۆریش لە یەکدی جیاواز بوون. من یەکێکم لەو نووسەرە کەمانەی بە ئاشکرا رەخنەیان لە بەتورک کردنی زمان گرتووە و زاراوەگەلی زۆری کۆن و چەمکگەلی سۆفیزمم بەکارهێناوە، سەرەڕای زاراوە بەکاربردنی زاراوە نوێیەکان. هەر لەبەر ئەمەشە مۆرکی زمانی نووسینەکانم زۆرێک لە دەستە بژێری کەمالیستەکانی هەراسان کردووە.

هەرچی پێوەندی بە رەگەزی کۆسمۆپۆلێتییەوە هەیە، وابزانم بە تێپەڕ بوونی کات لێبوردنمان کەمتر و داخراوتریش بووینە. لە دوادواییەکانی تەمەنی ئیمپراتۆریای عوسمانی، بوونی ژنانی نووسەر، کە بە تورکی یا ئینگلیزی یا فەڕەنسی دەیاننووسی، شتێکی نامۆ نەبوو. ئەوسا ئەم جۆرە شتانە سروشتی و ئاسایی بوون. هەرچی ئەمڕۆیە من لە سۆنگەی ئەوەی رۆمانەکانم بە ئینگلیزی دەنووسم، زۆرجار بەر رەخنە دەکەوم. زۆرێک ئەمە بە (ناپاکی) دادەنێن، وەک ئەوەی ناپاکیم لە زمانەکەم یا وڵاتەکەم کردبێت!.

***(بیژییەکەی ئەستەنبوڵ) دووەمین رۆمانتە بە ئینگلیزی. لەو بڕوایەدایت ئەو هێرشانەی کرانەسەرت، کەمتر دەبوون ئەگەر ئەم کتێبە و ئەوی پێشووت بە تورکی بنووسینایا؟**

–هەڵبەت هەندێ فاکتەری دی هەن رۆڵی خۆیان دەگێڕن. کاتێک بڕیار دەدرێت بە ئینگلیزی (زمانی ئیمپریالیزم) بنووسیت. ئەوا کەسانێک بە شێوەیەکی کۆنەپەرستانەترلەوەی هەن دەجووڵێنەوە. ئەمە بیرتەسکییە، دەکرێ بە هەمان ئەندازە لەلای چەپڕەو و راستڕەوەکان بیدۆزیتەوە. لێرەدا دەمەوێ ئەوەش بڵێم، هەرچەندە رۆمانەکە لای هەندێک پێشوازییەکی گەرمی بەخۆوە نەدیت، وەلێ بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگە و میدیاکان ناوێکی باشی دەرکرد. ئەم رۆمانە بووە پڕ فرۆشترین کتێب، زیاد لە پەنجا هەزار دانەی لێ فرۆشرا، جگە لەوەی زۆری قسە لەسەر کرا و بڵاوبۆوە و بە ئازادی خوێنرایەوە.

من خۆم لە زۆرێک لەو دانیشتن و بەرنامە و قسە و باسانەی لەسەر رۆمانەکە کران، بەشدار بووم، سەرەڕای ئەو دانیشتنانەی بۆ واژۆی رۆمانەکە لەسەرتاسەری وڵات، هەر لە ئەزمیرەوە تا دیاربەکر، بەڕێوە چوون. ئەو بیرڕۆییەی (انطباع) لە خەڵکەوەم بەدەستهێنا، سەرەڕای جیاوازییەکانیان، زۆر ئیجابی بوو. ئەمەش خەڵکی چەپ، عەلەوی، کورد، ژنی ماڵ و تەنانەت قوتابییانی لەچک بەسەریش دەگرێتەوە.

شایانی باسە، زۆربەی ئەو نامە رق ئامێزانەی پێم گەیشتن لەو تورکانەوە بوون، کە لە تاراوگە دەژین. ئەو تورکانەی وەکو کۆچبەر لەدەرەوە دەژین، زۆر لەو تورکانەی لەناو تورکیادا دەژین، ناسیۆنالیست تر و کۆنەپارێزتر و راسیستتر دەبن.

***رۆمانە نوێیەکەت لە بارەی قەتل وعام و رەشەکوژی ئەرمەنەکانەوە دەدوێت، وەک بزانی رۆمانی تری تورکی هەیە باسی ئەمەی کردبێت؟ بۆئامادەکردنی رۆمانەکەت چەندێک پێوەی خەریک بوویت؟**

–من ئەم رۆمانەم لە ئەمریکا، ئەو کاتەی خەریکی خوێندن بووم، نووسی. سەرەڕای توێژینەوە تایبەتەکەم، کۆمەڵێ بەڵگەی زارەکیم کۆ کردەوە، بەدواداچوونم هەبوو بۆ فیلمە دیکۆمێنتییەکان و کۆمەڵێ چاوپێکەوتنیشم کرد، هەروەک چۆن لەگەڵ چەندین پەڕاگەندەی ئەرمەنی قسەم کرد، لە هەمان کاتدا سەردانی زۆرێک لە ماڵە ئەرمەنەکانم کرد، ئەمەش دەرفەتی ئەوەی پێدام بەدواداچوونم هەبێ بۆ ژیانی تورک و ئەرمەنەکانی دانیشتووی ئەمریکا.

من نووسەرێکی تورکم، بۆ هەر کوێیەک رۆیشتبێتم، توێشووی رۆشنبیری خۆم پێ بووە. لە هەمان کاتدا نووسینم نووسینی ئافرەتێکی کۆچەرییە. من دەمەوێ سنووری نەتەوایەتی و قەومچێتی ببەزێنم. سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی زۆر لەوە تەنگترە، کە هێزی خەیاڵی من بگرێتە خۆ.

سەرچاوە:
سایتی قنطرة



دەمەوێ سنووری نەتەوایەتی و قەومچێتی ببەزێنم. سنووری دەوڵەتی نەتەوەیی زۆر لەوە تەنگترە، کە هێزی خەیاڵی من بگرێتە خۆ